فەتواکانی لێژنەی باڵای
فەتوای کوردستان

# فەرمانی کردەوە خۆکوژییەکان
# لە شەریعەتی ئیسلامدا

بابەت : حوکمی کردەوە خۆکوژیەکان

ژمارەی فەتوا : ٢٠١٦/١٥

بەروار : ١٤٣٨/٢/٢٣ ك _ ٢٠١٦/١١/٢٣ ز

بابەت کردن : تاوانەکان

جۆری فەتوا : بەلێکۆڵینەوە

فەتوادەر : لێژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

(( فەرمانی کردەوە خۆکوژییەکان لەشەریعەتی ئیسلام ))

خوای گەورە دەفەرمویٚ ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ....فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾ النحل : ٤٣

سوپاس بۆ خودای جیهانیان،درود و سەلاٚو لەسەر ڕێزدارترین پێغەمبەر و لەسەر خانەوادە و یاران شوێنکەوتوکانی بە چاکە تا ڕۆژی قیامەت.

بۆ خواست و پێویستی گەنجانمان ئەوانەی پابەندن بەفەرمانەکانی ئیسلام، بۆ پێویستی و ڕونکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە ئەوانەی لێی تێنەگەیشتونە دەیکەنە بەهانە بۆ مەبەستە هەوراز و نرخدارەکەی شەرعی پیرۆز، بۆ بەرپەچدانەوەی بیروباوەڕی ئەو کەسانەی بونەتە دەلاٚلی هەندێ چین و حیزبەکان و هەندێ دەوڵەتان کە فەرمانی کوێرانە ئەدەدەن بۆ کاول کردنی ولاٚت کوشتنی خەڵك و لەناوبردنی هەموو داهات و نەوە و وەچە، بەناوی جیهاد و بەرگری لە ئیسلام و موسڵمانان ، ئیسلامیش لەوان و لەکردەوەکانیان دوورە.

لێژنەی باڵای فەتوای لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لەڕۆژی چوارشەممە ١٤٣٨/٢/٢٣ ك _ ٢٠١٦/١١/٢٣ز کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا و ، ئەم فەتوایەی دەرکرد دەربارەی حوکمی کردەوە خۆکوژیەکان لەشەریعەتی ئیسلام :

ئەوەی ئاشکرایە کە ئەم مەسەلەیە لە بابەتە سەردەمییەکانی فیقهی ئیسلامیە ، ئەم کارە بەم شێوەیە لەڕابردوو نەدەزانرا بەم ڕێگەیەی کە ئیستا باوە، و هیچ دەقێکی ڕاشکاومان بەدی نەکرد لەکتێبەکانی فیقهی کۆن، ئەمەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم شێوازەی کە لە جەنگەکانی سەردەم بەدیار کەوتن و بەکار هاتن لەتەقەمەنیەکان و تەکنەلۆجیا و پێداویستیەکانی.

پاش تاوتیٚ کردنی بابەتەکە لە نێوان ئەندامانی لێژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان و لێکۆڵینەوەی هەموو لایەکانی فیقهی و بابەتی نویٚ و سەردەم ، وە هەڵوەستەکردنی لەسەر بەڵگەکانی ئەوانەی کەوا مۆڵەتی ئەم کارە دەدەن، بەرامبەر کرا لەگەڵ چەند بنەمایەکی فیقهی بەهێز وەك بنەمای( لادان و بەربەستی تێکدەرەکان لە پێشترە

لە وەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکان) و، هەروەها چەند بنەمایەکی فیقهی تر و روداوە مێژوییەکان، لەگەڵ ڕەچاو کردنی خواستی شەریعەتی ئیسلام، هەروەها پێداچونەوەی ئەم بارودۆخانەی کە ڕەنگە و وێچونیان هەبێ لە تێروانینی هەندێ کەس لە گەڵ هەندێ لەو دەقەکانی ئەم مەسەلەیە کەوا زۆری دەربارەی گوتراوە.

زانایانی سەردەم و کۆنگرە فیقهیەکان و لیژنەکانی فەتوا لە جیهانی ئیسلامی هەڵساون بە لێکۆڵینەوەی ئەم دیاردە ترسناکە لە ڕوانگەی دەقەکان و بنەما شەرعییەکان، بۆ رون کردنەوەی حوکمی شەرعی ئەم بابەتە، ئەم بەڕێزانەش دابەش بونە بەسەر دوو ڕای جیاواز :

**ڕای یەکەم : ئەوانەی ئەم کردارانە قەدەغە دەکەن**

بە بۆچونی زۆربەی زانایانی سەردەم و خانە و دەستەکانی فەتوا لە جیهانی ئیسلامی لە سەر ئەم ڕایەن کەوا بەهیچ شێوەیەك دروست نییە بۆ موسڵمانان روو لەم کارە بکات، کەوا خۆی بتەقێنێتەوە بە مەبەستی زەرەر گەیاندن بەدوژمنان، ئەم کارەیان قەدەغەکردووە و بە حەرام و لە گوناهە گەورەکانیان ئەژمار کردووە،و بە هیچ شێوەیەکیش ناچێتە خانەی کردەوە جیهادیەکان ... بە پێ ی ئەم بەڵگانەی خوارەوە :

**یەکەم:** شەریعەتی ئیسلامی لێبوردە، هاتووە بۆ ژیانی بەختەوەر و بە یەکەوە ژیانی ئاشتیانە لە نێوان ئادەمیزادەکان، بە هەموو شێوە هەموو جۆرە کوشتنەکانی قەدەغە کردووە لەشێوەی زۆرداری و دەست درێژی، لە تاوانە گەورەکانی ئەژمار کردووە، و بە توندترین تۆڵە ئەو کەسانە دەترسێنێ کە دەست درێژی دەکەنە سەر خوێنی خەڵك وە وادەی پێداون بە سەزایەکی زۆر گەورە، خوای گەورە دەفەرموێ :﴿ وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۗ وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلْطَـٰنًا فَلَا يُسْرِف فِّى ٱلْقَتْلِ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ مَنصُورًا ﴾ الإسراء:٣٣، واتە:کەسێك مەکوژن کەوا خوا کوشتنی ئەوی حەرام کردووە، مەگەر بە هۆیەکی ڕاست و ڕەوانەبێ، جا هەر کەسێك بە ناهەق و ستەم لێکراوی کوژرا، دەسەڵاتمان داوە بە خاوەنەکەی بە سەر بکوژەکەدا، با خاوەنەکەی زیادە ڕۆیی نەکات لە تۆڵە سەندنەوەدا.

ئەمە دەقێکی ئاشکرایە و ڕاشکاوە و بەڕەهایی هاتووە، جیاوازی نەکردووە لەنێوان موسڵمان و غەیرە موسڵمان، چونکە بکوژ یا خۆی دەکوژرێ یان خەڵکی تر، هەموو ئادەمیزاد بەشدارن لە بنەمای ( پاراستنی خوێن و گیان وشەی ( نفس) بە یەکسانی هەمویان دەگرێتەوە، بنەمای گشتی لە شەریعەتی ئیسلام ئەوەیە کەوا ( هەموو خوێنێك و سامانێك پارێزراوە ) بە مانای ئەوەی دەست کاری کردنی نارەوایە، ئە مەش لە سەر بنەمای یان پاراستنی بە هۆی ( باوەڕ یان ئەمان و پەنادان )، مانای باوەڕ:موسڵمان بوونە، مانای پەنادان و ئەمان: پەیمان دانە بە وەرگرتن و پاراستنی، وەك پەیمان دان بە سەرانە دەران و هودنە لە جەنگ وەستاندن و ئاشتی و هی تر.

بە باوەرهێنان:گیان و سامانی موسڵمانان دەپارێزرێ، بە بەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەر-درودی خوای لەسەر بێت- کە دەفەرموێت:(( **أمرت أنْ أقاتل الناس حتى يقولوا لا إله إلا الله محمد رسول الله ، فإذا قالوها فقد عصموا مني دمائهم،وأموالهم إلا بحقها**)) واتە: فەرمانم پێ کراوە بەرامبەر بە خەڵك بجەنگم و هەوڵ بدەم تاکو شایەتمان دەهێنن کە خوای گەورە تاك و تەنیایە و محمد نێردراوی ئەوە، ئەگەر ئەمەیان ووت خوێن و سامانیان پارێزراو دەبێت، تەنها



ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org

ئەگەر دەستکاری کرا بە مافی خۆی دەبێت، ئەم فەرمودەیە لە بوخاری بە ژمارە ٢٥ و لە موسلیم بە ژمارە ٢٢ هاتووە.

ئەمان و پەیماندان: خوێنی غەیرە موسڵمانان دەپارێزرێ، خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمۡ وَلَا تَنقُضُواْ ٱلۡأَيۡمَٰنَ بَعۡدَ تَوۡكِيدِهَا ﴾ النحل:٩١،واتە:بەڵێنی خوا بەجێ بێنن کاتێ بەڵێن دەدەن، بەڵێن و پەیمانەکانتان مەشکێنن لە پاش جەخت کردن لە سەریان.

**دووەم:** ئەم کردارە بێگومان دەبێتە هۆی مردنی خاوەنی، ئەمەش لە شەریعەتی ئیسلام دروست نییە، شەرع دارێژی کار دروست لە زۆر دەق بەربەستی کردووە، دەفەرموێ:﴿ وَأَنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا تُلۡقُواْ بِأَيۡدِيكُمۡ إِلَى ٱلتَّهۡلُكَةِ وَأَحۡسِنُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾ البقرە :١٩٥،واتە:دارایی و سامانتان بەخت بکەن لە ڕێگەی خوا بەدەستی خۆتان خۆتان مەخەنە تیاچون، چاکە بکەن بەڕاستی خوای گەورە چاکەکارانی خۆش دەوێت، وە ئایەتی:﴿ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمۡ رَحِيمٗا ﴾النساء ٢٩، واتە: بەخۆتان خۆتان مەکوژن خوای گەورە زۆر بە بەزەییە بەرامبەرتان .

هەر دوو ئایەت ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەدەن کەوا ئامیزاد خاوەنی گیانی خۆی نییە تا وەکو بتوانێ بەویستی خۆی دەست کاری بکات، خاوەنی ڕاستەقینە خوای گەورەیە، ئەگەر مرۆڤ خۆی بکوژێ دەست درێژییە بۆ سەر موڵکی خوای گەورە دەبێتە شایانی ئەوەی سزا بدرێت، پێغەمبەر -درودی خوای لەسەر بێت-ڕای گەیاندووە هەر کەسێ خۆی بکوژێ بە ئاسنێ، یان بە ژەهر خواردن، یان بە شتی تر، ئەو کەسە خۆی لە ناوبرد و دەچێتە دۆزەخ بە هەتا هەتایی، دەفەرموێ:(( **من قتل نفسه بحديدة فحديدته في يده يجأ بها بطنه في نار جهنم خالداً مخلداً فيها أبداً** )) ئەم فەرمودەیە لە بوخاری بە ژمارە ٥٤٤٢ و لە موسلیم بە ژمارە ١٠٩ هاتووە، و هەروەها دەفەموێ: (( **من قتل نفسه بشيء عُذّب به يوم القيامة** ))رواه البخاري،واتە: هەرکەسێ خۆی بکوژێ بە شتێ، بەم شتە ڕۆژی قیامەت سزا دەدرێت... و فەرمودەش لەم بابەتە زۆرن .

**سێیەم:** دەربارەی پاراستنی بنەما و نەریتی جیهاد: ئەم کردارانە تەڕ و وشك پێکەوە دەسوتێنن، ژن، منال، گەورە، بچوك، شوێنە سەربازی و ئاوەدانی تر جیاناکەنەوە، ناوەندە گشتیەکان کاول دەکەن، وەك ئاو کارەبا و ژێرخانی ئابوری، ئەمانە هەموی ناگونجێن لەگەڵ ڕێبازی شەریعەتی ئیسلامی، هەروەها پێچەوانەی بنەما و ڕەوشتی جیهادە .

**چوارەم:** ئەم کردارانە سەلمێنراون بە شایەتمانی ڕاست کەوا زەرەر بە موسڵمانان و ناو دەنگیان دەگەینی، لە بەر ئەوەی لایەنی زیان مەند هەوڵ دەدات ڕای گشتی بجولێنی لە دژی ئیسلام ، و بە تایبەتیش لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن خۆی وادیار دەخات کەوا تەنها ئەو قوربانی دەستی تیرۆرە .

**پێنجەم:** دوژمن ئەو کردارانە دەکاتە بەهانەی توند و بەجێ بۆ تۆڵە سەندنەوە و کاردانەوە، بەم جۆرە زەرەرێکی زۆر دەگەینێ بە مافی کەس و کاری خۆکوژەکە و هەموو موسڵمانان، دەبێتە هۆی کوشتنی گەنجان و دەستگیر کردنی هەزارەها گەنج و وێران کردنی شارەکان و ئاوارەکردنی خێزانەکانیان و ئابلوقەدانی زۆر لە شوێنی موسڵمانان .



ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فتوا
اللجنة العليا للفتوى
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

**شەشەم:** جیهاد کردن بەرامبەر ئەم گاورانە یە کە لە دژمان دەجەنگن، و بەڵێننامەی پەنادانیان نەبێ لەگەڵ موسڵمانان، لە سەر ئەم بنەمایە جیهاد کردن دروست نیە لە دژی ئەو دەوڵەتانەی کەوا پەیماننامە و پەنادانیان بەستووە لەگەڵ وڵاتی موسڵمانان وەیا لەگەڵ تاکەکانیان، پێغەمبەر- درودی خوای لەسەر بێت- دەفەرموێ:(( **من قتل معاهداً لم يرح رائحة الجنة** )) رواه البخاري، واتە: هەرکەسێ پەناداربێ بکوژێ بۆنی بەهەشت ناکات، وهەروەها ئیمامی عەلی رەزای خوای لێ بێت فەرموویەتی:(( **ماكتبنا على النبي صلى الله عليه وسلم إلا القرآن ، وما في هذه الصحيفة، قال النبي فيها: وذمة المسلمين واحدة يسعى بها أدناهم فمن أخفر مسلماً فعليه لعنة الله والملائكة، والناس أجمعين،لا يقبل فيه صرف ولا عدل**)) ئیمامی بوخارەی بە ژمارە ٣١٧٩ ریوایەتی کردووە، واتە: ئەوەی لەو پەیمانە و لە کاتی خۆ بۆ پێغەمبەرمان -درودی خوای لەسەر بێت- دەنوسیەوە هەر هەمووی لە فەرمانی قورئان بوو، ئەویش لەم بارەیەوە فەرمویەتی: لە ئەستۆ گرتنی موسڵمانان بۆ پەنا دان هەموویان یەکسانن، هەر چەندە لە هەموو کەس دەورو دەسەلات تر بێت، هەر کەسێ ئەم پەنادان و پەیمانەی موسڵمانان داویەتی بشکێنێ، ئەوا بەر نەفرەتی خوا و فریشتەکانی و خەڵك دەکەوێ، خوای گەورە کردەوەی سونەت و فەرزی لێ وەرناگرێ، یان بەمانایەکی تر پەشیمانی و فیدیەی لێ وەرناگیرێ.

وڵاتانی غەیرە موسڵمانانیش پەیوەندی دیبلۆماسی و باڵوێز و شاندی ئاڵوگۆڕیان هەیە لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی، ئەمەش ئاشکرایە کە پەیوەندی دیبلۆماسی بەڵگەیە لە سەر هەبوونی پەیمان و ئاڵوگۆڕ لە نێوانیان، بەم شێوەیە ئەمریکا و وڵاتانی تر بە( دار الحرب ) وڵاتی جەنگ دژ بە وڵاتی ئیسلام دانانرێن، بۆیە بە هیچ شێوەیەك دروست نییە جیهاد یان لە دژ ڕابگەیەنرێت .

**حەوتەم:** لە لایەنی بوونی فەرمانڕەوایی سەرکردایەتی: ئەم جۆرە جەنگ و خۆکوشتنە بەبێ فەرمانڕەواو مۆڵەتی فەرمان ڕەوایە، لە بەر ئەوەی هەموو سەرۆك دەوڵتانی ئیسلامی و بزوتنەوە ئیسلامیەکان مۆڵەت بەم کردارانە نادەن، بەڵکو بەتوندی بەربەرەکانیان دەکەن، بەم شێوازە ئەم کارە دەچێتە چوار چێوەی ئاژاوە و فیتنە گێری.

**هەشتەم:** خوای گەورە بەر بەستی کرد لە بە سەر دادانی خەڵکی شاری مەککە بە لە ناکاوی، هەر چەندە هۆکارەکانی ئەم جەنگەش هەبوون، ئەویش گومڕاییان بەخوا و پێغەمبەر بوو، هەروەها بەربەرەکانی کردنیان لە پێغەمبەر و موسڵمانان دەکرد کە بچنە ناو مزگەوتی پیرۆز – کەعبە- ئەمەش بەستەم و زۆرداری، سەرباری ئەمەش بەر بەستی کردن کە لە ناکاو و بەسەریان دادەن لە بەر هەبوونی هەندێ موسڵمانان لە ناو شاری مەککە بوو، لەم بارودۆخە زەرەرو عەزیەتیان پێ دەگەیشت، خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ هُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَٱلْهَدْىَ مَعْكُوفًا أَن يَبْلُغَ مَحِلَّهُۥ ۚ وَلَوْلَا رِجَالٌ مُّؤْمِنُونَ وَنِسَآءٌ مُّؤْمِنَٰتٌ لَّمْ تَعْلَمُوهُمْ أَن تَطَـُٔوهُمْ فَتُصِيبَكُم مِّنْهُم مَّعَرَّةٌۢ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۖ لِّيُدْخِلَ ٱللَّهُ فِى رَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ لَوْ تَزَيَّلُواْ لَعَذَّبْنَا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴾الفتح ٢٥ ، وە لەکۆتایی ئایەتەکە دەفەرموێت: ئەگەر باوەڕدارەکان جیابکرانەوە لەگاورەکان، ئەوا ئێمە گاورەکانمان سزا دەدا بەسزایەکی بە ئازار، هەر لە بەر ئەم هۆیە بوو کە مۆڵتتان دان کە ئێوە لە دژیان بجەنگن .

**ڕای دووەم : ئەوانەی مۆڵەتی خۆکوشتن دەدەن**

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فەتوا
اللجنة العليا للافتاء
اتحاد علماء الدين الاسلامي كوردستان



www.zanayan.org

ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان

هەندێ لە زانایانی سەردەم ئەم کردارانەیان دروست کردووە، خۆکوژەکەشیان بەشەهید داناوە، بەلاًم ئەم گومانەی ئەوانە وەلاًم دراوەتەوە، و چەند بەڵگەیەکیان هێناوەتەوە لەوانەیە:

**یەکەم:** ئایەتی ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشْرِى نَفْسَهُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴾ البقرة: ٢٠٧،واتە: خەڵکی واش هەنە کە گیانی خۆی دەفرۆشێت بۆ ڕەزامەندی خودا، وە خودا میهرەبانە بەبەندەکان، هەروەها ئایەتی:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ ۚ يُقَـٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ ۖ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ وَٱلْقُرْءَانِ ۚ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِ ۚ فَٱسْتَبْشِرُوا۟ بِبَيْعِكُمُ ٱلَّذِى بَايَعْتُم بِهِۦ ۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴾التوبە: ١١١،واتە: بەڕاستی خوای گەورە گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوە، بەوەی کە بەهەشتیان دەداتێ، ئەو بروادارانە دەجەنگن لە پێناو خوا بێ باوران دەکوژن و خۆشیان شەهید دەبن، ئەمە بەڵێنێکی ڕاستە و خوا بڕیاری دایە لەسەر خۆی لە تەورات و ئینجیل و لە قورئان، جا کێ بە بەڵێن و پەیمانی خوادا وەفادارترە لە خوا؟ کەواتە مژدە بەخش و شادمان بە بەم فرۆشتنەتان کە مامەڵەتان پێکرد، بەڕاستی هەر ئەوەیە کە گەیشتن بە ئامانجی زۆر گەورە، ئەوانە دەڵێن کە ئەم کردارانە وەرگرتنی پلەی شەهادتە و جۆرێکە لە جیهاد.

وەلاًمی ئەم بەڵگەش دراوەتەوە بەوەی کە: کوشتن و لە ناوبردنی گیان و وڵات کاول کردن و بلاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لەناو خەڵك، ئەمە جیهاد نیە بە بەڵگەی ئەوەی دەقەکانی قورئان و سوونەت هەمووی بەربەستی ئەمە دەکەن.

**دووەم:** چیرۆکی (أصحاب الاخدود) کە گەنجەکە ڕێگای بە پادشایەکە نیشاندا کە چۆن و بەچی شێوە دەتوانێ بیکوژێ، ئەم بەڵگەیەش دەتوانین لە چەند ڕویەکەوە وتوێژی لەسەر بکەین:

أ‌-گەنجەکە بەخۆی خۆی نەکوشت.

ب- ئەم چیرۆکە هی شەریعەتی سەردەمی خۆی بووە هی ئێمە نیە، خوای گەورە ئەم ڕووداوەی باس کردوە لە شێوەی ستایش و مێرچاکی، نەك بۆ تەشریع و شوێن کەوتنی.

ج- لە کرداری گەنجەکە مۆڵەت درابو، چونکە سودێکی گەورەی هەبووە گەلێك بە تەواوی بڕوایان بە خوای گەورە هێنا، ئەگەر کاری لەم جۆرە بێت دروستە مرۆڤ گیانی خوی بەخت بکات .

د-گەنجەکە هیچ کەسی بە کوشت نەدا و کەسیشی لەگەڵ خۆی نەکوشت.

**سێ یەم:** بەڵگەی تری مۆڵەتدان ئەم فەرمودەیە، کە پێغەمبەر-درودی خوای لەسەر بێت- دەفەرموویێت:(( **من قاتل لتكون كلمة هي العليا ، فهو في سبيل الله** )) ئیمامی بوخاری بە ژمارە ١٢٣ ریوایەتی کردووە، واتە: ئەوەی بجەنگێ بۆ بەرزکردنەوەی فەرمانی خودا، ئەمە لە ڕێگەی خودایە و جیهادە.

وەلاًمی ئەم بەڵگەیەش دراوەتەوە بە هەمان فەرمووده، ئەویش ئەمەیە: کە ئەم فەرمودەیە ناکرێتە بەڵگە بۆ ئەم جۆرە کارانە لە بەر ئەوەی مانای ئاشکرای فەرمودەکە ئاماژە بۆ نییەت دەکات کە پوختە بۆ خودا بێت، ئەمەش ئاشکرایە کە تەنها نییەت بەس نیە ئەگەر بەڕاستی کردەوەی ڕێگە پێدراوی لەگەڵ نەبێت



ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان

لیژنەی باڵای فتوا
www.zanayan.org

**چوارەم:** هەروەها بەڵگەیان هێناوەتەوە بە چیرۆکی (بەرائی کوری مالیك) لە جەنگی یەمامە خستیانە ناو مەتاڵی بە ( ڕمە)کانیان بەرزیان کردەوە هاوێشتیانە ناو دوژمن، ئەویش جەنگا تاکو دەرگای شورەکەی کـردەوە، هـیچ لـە سەحابانیش نکۆڵی ئەم کارەیان لێ نەکرد، ئەم رووداوەش لـە سونەنی بەیهەقی هاتووە لـە کتابی (السیر) بـاب التعرض للقتل.

ئەم بەڵگەیەش وەلام دەدرێتەوە: کە سەحابەکان بێگومان نەبوون لـە کوژرانی و بەڕاستیش ئـەوها نـە کـوژرا، بەلام کردەوە خۆکوژیەکان بە بێگومان خاوەنەکەی دەکوژرێت، بۆیە دروست نیـە خـۆی بکـوژێ، و بـەراورد کردنی کردەوە خۆکۆژیەکان لەگەڵ ئەم رووداوە بەراوردێکی زۆر لـە یەك دوورە.

**پێنجەم:** لـە هەندێ ئاسەواردا هاتووە لـە هەندێ سەحابەوە کە وا خۆیـان خزاندوتـە نـاو ریزەکـانی دوژمـن، و کەسەکەش بۆ چونی زۆر بووە کەوا دەیکوژن ئەگەر ئەمە دروست نەبوایە وایان نەدەکرد.

وەلامی ئەمەش دراوەتەوە: ئەوان دڵنیا نەبون کـە دەکـوژرێن، زانایـانی فیقهـی مۆڵـەتیان داوە بـە چـوونە نـاو ریزەکانی دوژمن بە چەند مەرجێك :

١- گومانی نەبێ لەسەر کوژرانی خۆی .

٢- جێ بە جێ هینانی بەرژەوەندیەکی دیاریکراو بێت.

٣- نیەت پاکی تێدا بێت بۆ خودا، ئەوانەی مۆلەتی ئەم کارەیان داوە ئەم مەرجانەشیان گرتوە :

أ-نیەتی پاك و تەواو بۆ خوای گەورە.

ب-بوونی ناچاری، وەك بوونی ترس لـە سەر لەشکری ئیسلام، یان هەلاتن لە بەرانبەر دوژمن و لەم بابەتانە.

ج- گومانی نەبێ کە ئەم کارە زەرەرێ زۆر بە دوژمن دەگەینێ بە کوشتن یا هەلاتنی دوژمن.

ه-دەبێ گومانی نەبێ بەم کارەی دەیکات،و ئەم زیانەی بە دوژمن دەگەینێ بەم شـێوە نـەبێت بـە هـیچ شـێوەی تر ناتوانێ ئەنجامی بدات، و خۆشی تێدا سەلامەت دەبێت.

و-ئەم جۆرە کردارانە پێویستە لە دژی ئەم گاورانە بێت کەوا جەنگیان ڕاگەیاند بێت لـە دژی موسولمانان.

ز-نابێ دەرەنجامی ئەم کردەوانە تێکدان و زەرەری زیاتر بێت لـە سودەکەی.

ح-پێویستە بە رەزامەندی دایك و باوك بێت.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فتوا
اللجنة العليا للافتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

**ڕای بەهێز:**

لـە پاش خستنە ڕووی بەڵگەکان و لێکۆڵینەوەیان گەیشتینە ئەم پوختەیەی خوارەوە:

١- بە هیچ جۆرێك دروست نیە موسوڵمان خۆی بتەقێنێتەوە، بەهەر شێوەیەك بێت.

٢- ئەوانەی بە جۆرە کارانە هەڵدەستن بە هیچ شێوەیەك بە (شەهید) ئەژمار ناکرێن .

٣- ئەم جۆرە کردارەنە ناچنە ناو کردەوە جیهادیەکان، لـە بەر ئەوەی مەرجەکانی جیهادیان تیدا نیە.



ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org

٤- خۆتەقاندنەوە لە شێوەی خۆکوژی لە شەرع قەدەغەیە، بەڵکو لە گوناهە گەورەکانە، بە بەڵگەی گواستراوەی ڕاشکاو، کـە ڕوونمـان کردنـەوە، کـە هـەمویان مۆڵـەت نـادەن کـەوا مـرۆڤ خـۆی بتەقێنێتـەوە، لـە بـەر ئـەوەی دەرەنجامەکەی بەم جۆرەیە:

یەکەم: بێتاوانان بەردەکەون و دەکوژرێن لە ژن و منداڵ و پیر و خەڵکی سڤیل.

دووەم: بلاوبونەوەی ترس و دڵەراوکێ لە ناو خەڵك.

سێیەم: دەبێتە هـۆی تێـك دان و ویرانکـردن ژێرخـانی ولات و مـاڵ کـاول کـردن و ناوەنـدە ئـابوری و خزمـەت گوزاریەکان و ئاوارەبونی خێزان و کوژرانی گەنجان و دەستگیرکردن و بەندکردنی هەزارەها لە گەنجان.

لەسەر ئەم زانیاریانەی سەرەوە لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان بڕیاری دا:-

**(( بە هیچ شێوەیەك بۆ هیچ کەسێك دروست نیە خۆی بتەقێنیتەوە یان بار هەڵگرەکەی، وەیـا پشـتێنە بۆمـب ڕێژکراوەکەی ، بە هەر شێوە و شێوازێك بێت، لە ژێر ناوی جیهاد یان هەر ناوێکی تر بێت، چونکە ئەم کارە لە شەرع قەدەغە و حەرامە، و دەبێتە هۆکاری خوێن ڕشتنی بە ناهەق ، و دەکەوێتە ژێر بەرپرسیاریەتی دونیاو دوایی، لە بەر ئەوەی ئەگەر خۆی بکـوژێ لـە پێنـاوی خـودا، خـوای گـەورە ئـەم کـارەی لـەو ناوێـت، و دەفەرموێ:﴿وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمۡ رَحِيمٗا﴾،واتە:خۆتان مەکوژن خوا بە بەزییە بەرانبەرتان.**

**وئەگەر ئەکارەی لە پێناوی پێغەمبەر و سەرخستنی ئاینەکەی بێت، ئەوا پێغەمبـەر** -درودی خـوای لـە سـەر بێـت- **ڕایگەیاندووە هەر کەسێ خۆی بکوژێ بە پارچە ئاسنێ یان ژەهر بخوات ئەمە خۆ لە نـاو بردنـە، بـەم کـارەی بەردەوام دەمێنێتەوە لە ئاگری دۆزەخ وەك پێشتر باسمان کرد، یان ئەگەر کارەکەی بۆ پاڵپشت و بەرزکردنەوەی ئاینی خوا بێت، ئەوا ئاینی خوا بەم جۆرە کردارنە بەرز نابێتەوە، بەڵکو زەرەرمەند دەبێت بە زۆرتر، چونکە لە بەر ئەم کارە نا مرۆڤایەتیە قێزەونە بۆتە هۆیەکی سەرەکی بۆ شێواندنی ناوبانگی ئیسلام و موسولمانان و هەروەها بۆتە کۆسپ بۆ بلاوبونەوەی ئیسلامی میانرەو لە ناو دەوڵەتانی غەیرە ئیسلامی چ لـە ڕۆژهـەلات وە یـا لـە ڕۆژئاوا، زەرەری زۆری بە بانگەواز وکاری ئیسلامی گەیاندوە ))....** واللە سبحانە وتعالی أعلم

**لیژنەی باڵای فەتوا**

**یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**

هەولێر: ٢٣/ تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ زاینی

٢٣ / سەفەر ی ١٤٣٨ کۆچی



ناونیشان: هەولیر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان

العنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان

www.zanayan.org